# گۆشەیەك لە چالاكی یەكانی هۆزان محمود

## هۆزان محمود نوێنەری رێكخراوی ئازادی ژن لەبەریتانیا و ە ئەندامی كۆمیتەی بەریتانیای حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق

## زنجیریەك كارو هەڵسورانی لەماوەی دوومانگی رابردوو ئەنجام داوە ،لێرەدا كورتەیەكی رادەگەیەنین.

- **ئیدینبۆرگ-سكوتلند**:

رۆژی 13-6-2004 هۆزان محمود بەشداری كرد لەكۆنفرانسێكی یەك رۆژەدا كە تایبەت بوو بە(بزووتنەوەی ژنان لەرۆژهەلاتی ناوەراست بۆ گۆرانكاری كۆمەلایەتی وسیاسی)ئەم كۆنفرانسە لەلایەن (word power) وە بەرێ خرابوو كە كتێبخانەیەكی رادیكالی بەناوبانگە لە سكوتلندا ، قسەكەرانی ئەم كۆنفرانسە بریتی بوون لە(لالە خەلیلی )لەئیرانەوە وە(غادە كەرەمی)نووسەرێكی فەلەستینی وە(هۆزان محمود) لەسەر بارودۆخی ناهەمواری ژنان وە بزووتنەوەی یەكسانی خوازی ژنان قسو باسی كرد ،وەهەروەها دەوری رێكخراوی ئازادی ژن لەعیراق ،هاوكات رۆشنای خستە سەر نەزمی نۆێ ی جیهانی و ئیسلامی سیاسی كە بوونەتەهۆی كۆیلەیەتی ژنان .

لەم كۆنفرانسەدا كە زیاتر لە 170 كەس بەشداریان كرد ،ئامادەبووان بەگەرمی پشوازیان لەقسەكانی هۆزان وەرگرت بۆ بەدەست هینانی هاوپشتی بۆ ژنانی عیراق.

- **بەریتانیا –بەرمنگهام**:

لە رۆژی 16-6-2004 دا هۆزان بەشداری كرد لە كۆبوونەوەیەك كە لەلایەن ( Bermingham banner theatre) بەرێ خرابوو بۆ پشاندانی فلیمێكی دۆكیمەنتی لەسەر وەزعیتی پەنابەرانی كورد وعیراقی لە بەریتانیا ،كەپیشتر هۆزان لەو فلیمەدا چاوپێكەوتنی ئەنجام دابوو ،هۆزان لەم كۆبوونەوەیەدا رووشنای خستە سەر وەزعیتی نالەباری سیاسی عیراق لەژیر سایەی 35 سال دەسەلاتی رەشی بەعسدا و وەهەروەها ئاكامەكانی جەنگی خلیج ، وەزعیتی دوای رووخانی رژیمی بەعس و داگیر كردنی عیراق لەلایەن ئەمریكاو سیناریوویەكی رەش كە لەسایەی شەرو كوشتاری نیوان ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی یەو رووبەرووی خەڵكی عیراق بۆتەوە..لەم كۆبوونەوەیەدا 200 كەس بەشداری كرد و پیشوازی لەباسەكانی هۆزان محمود راگەیەنرا.

- **بەریتانیا-ویلس**:

رۆژی 26-6-2004 هۆزان محمود بەشداری كرد لە كاردیف فیرگەی كۆمۆنیستی كەلەلایەن حزبی كۆمۆنیستی بەریتانیای گەورەوە بەرێ خرابوو ،كەهەموسالێك رێك دەخرێت بۆ شی كردنەوەی وەزعی سیاسی دنیا.

شایەنی باسە لەم كۆبوونەوەیەدا هۆزان لەسەر وەزعیتی سیاسی ئیستای عیراق قسەو باسی كرد ،بەتایبەتی جێگاو رێگای حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لەرێك خستنی ریزەكانی كرێكاران و ژنان و بۆ دنیایەكی باشترو بەدی هینانی خواستەكانیان ودەركیشانی خەڵكی عیراق لەوەزعیتی نالەباری ئیستا و هەول دان لەپێناو هێناسەركاری حكومەتێكی غەیرەقەومی غەیرەدینی لەعیراقدا .

لەبەشێكی تری قسەو باسەكاندا لەسەر (مقاومەتی ئیسلامی ) وەك قوتبێكی تیرۆریستی بێ رەبت بە خواستەكانی كرێكاران و زەحمەت كیشان وەهاوكات رێگای دروستی خەبات بۆ كۆتای هێنان بەداگیركاری ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی خستە روو لەلایەن ئامادەبوانەوە پیشوازی لێ كرا وە ئەندامانی بالای ئەو حزبە بریاری پشتیوانیان دا لە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق.

- **بەریتانیا- لەندەن**:

رۆژانی 6-4 وە6-3 هۆزان لەسەر خواستی (Alliance for workers Liberty) بەشداری كرد لە دوو كۆبوونەوەدا كەرۆژی یەكەم لەگەل (clive Bradley) كە یەكیك لەهەلسوراوانی بالای ئەم رێكخراوەیە كۆبوونەوەیەكیان گرت ،هۆزان لەم كۆبوونەوەیەدا لەسەر وەزعیتی سیاسی ئیستای عیراق و كوردستان قسەو باسی كرد بۆ ئامادەبووان وە هەروەها لەسەر كارو هەڵسورانەكانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لەسەر ساحەی سیاسی عیراقدا و

ەرێگا چارەی کارساز وعەمەلی بۆ کۆتای هینان بەداگیر کاری ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی ودابین کردنی ئەمنیت ونان وئازادی و هینانە سەرکاری دەسەلاتێکی عەلمانی لەعیراقدا.

رۆژی دووەم هۆزان محمود بەشداری کرد لەکۆبوونەوەیەك لەگەل (martin tomas) ، وەلەم کۆبوونەوەیەدا هۆزان لەسەر چۆنیتی راکیشانی پشتیوانی جیهانی بۆ کرێکارانی عیراق قسو باسی کرد ،لەم کۆبونەوەیەدا بەدەیان کەسایەتی چەپ وهەلسوراوی کرێکاری بەشداریان کرد و پرسیاریان ئاراستەی هۆزان کرد لەسەر وەزعیتی بزووتنەوەی کرێکاری لە عیراقدا.

رۆژی 30-6-2004 دا هۆزان محمود لەسیمنارێك بەشداری کرد کەلەلایەن (ئارام حمە سەعید)بەرپرسی رێکخراوی حزب لەشاری لێستەر بەرخرابوو لەژێر ناونیشانی گۆیزانەوەی دەسەلات لە ئەمریکاوە بۆ عیراقی یەکان)

لەم سیمینارەدا هۆزان لەسەر ناشەرعی بوون حکومەتی کاتی ئیستای عیراق و دەسەلاتەکەیان قسەو باسی کرد ودەوری ئەمریکا لەپێناو قازانج وبەرژەوەندی یەکانی خۆی و دوورخستنەوەی دەور وئیرادەی خەلکی عیراق لە دەسەلاتی ئایندەدا و رای گەیان کە ئەوانە هیچ رەبتیان بەخواست و ئاواتەکانی خەلکی ئازادی خوازی عیراقەوە نی یە.

رۆژی 21-7 هۆزان لە کەنالی تەلەفزیونی ئەنتەرناشنال چاوپێکەوتنی کرد لە سەر کارو هەلسورانەکانی رێکخراوی ئازادی ژن لەعیراق.

رۆژی 2-8-2004 لەلەندەن هۆزان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەیەکی (no sweat) لقی تی یو سی شاری نوتین هام کە لەسەر وەزعیتی کرێکاری عیراق و یەکتی بیِ کاران و شورا کرێکاریەکان و دەور خەباتیان لەرێك خستنی کرێکارانی عیراق وئایندەیەکی انسانی بۆ خەلکی عیراق.

رۆژی 11-8-2004 هۆزان چاوپێکەوتنی کرد لەگەل رادیوی Radio Europe Mediteraneo la Espanya لە ئیسپانیا لە سەر وەزعیتی ژنان لەعیراق ودەوری کۆنەپەرستانەی ئیسلامی سیاسی وداگیر کاری ئەمریکا ئیستا لەعیراق و نەخشی پێشرەوانەی رێکخراوی ئازادی ژن لەعیراقدا بۆ یەکسانی ژن وپیاو و ئایندەیەکی انسانی بۆ خەلکی عیراق.

رۆژی 11-8 هۆزان چاو پێکەوتنی کرد لەگەل رۆژنامەیەك بەناوی TULVA کە گۆڤارێکی ژنانە لەفنلد دە ر دەچیت لەسەر وەزعیتی ژنان لەعیراقدا.

- **سکوتلندا-ئیدینبۆرگ**:

هۆزان رۆژی 14-8-2004 بەشداری کرد لە سیمنارێك لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری لەعیراق دا کە لەلایەن( trade union council) بەرێ خرابوو .

لەم سیمینارەدا کە کەسان و رێکخراوی جۆراجۆر بەشداریان کردبوو ،هۆزان لەسەر کارو هەلسورانەکانی یەکیتی بێکاران و یەکیتی کرێکاریەکان وقەراری 16 کەلەلایەن حکومەتی کاتی کە تەنها iftu بەرەسمی دەناسیٚ وەك تەنها یەکیتی کرێکاری لەعیراقدا ،هۆزان ئەوەی رەت کردەوە وە باسی لەو نامە نارەزایەتیانە کرد کە ئاراستەی ئای ئیل ئۆ بۆ ئەم مەبەستە کراوە وە هەروەها پشتیوانی رێکخراو یەکیتی کرێکاریەکانی جیهان لە یەکیتی بیکاران و شۆرا کرێکاریەکان وەك تەنها دەنگیٚ کە نۆینەرایەتی کرێکاران دەکات لەعیراقدا.

رۆژی 23-8-2004 هۆزان محمود چاوپێکەوتنی کرد لەگەل کەنالی ئەنتەرناشنال لەسەر وەزعیتی ئیستای ژنان لەعیراق و دەوری رێکخراوی ئازادی ژن و کەمپینی بەرگری لە ساکار ئەحمەد.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق (رێکخراوی بەریتانیا)**

**2004-9-5**

---

wpiraq_uk@yahoo.com
www.wpiraq.net
Tel:077 3470 4742